## بەلی ئەوەی لەم وولاتەدا ئەمانەویت بیگۆرین سیاسەتی فرە فەرهەنگی دەولەتی فنلەندایە !

بەرواری 3و4ی ئۆکتۆبەر ، سیمیناری دژی توند و تیژی ژنان کە لەلایەن ریکخراوی منالپارێزانی مانەرهایم و کۆمەڵەی تەندروستیی فنلەندی رێکخرابوو. لەسەر داوای ریکخراوی منالپاریزان داوا لە ئالا فەرەج لێپرسراوی ریکخراوی ژنانی عیراق لە فنلاند و نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق کرا کە بەشداری هەردوو رۆژەکەی سیمینارەکە بکات. پاش دوو رۆژ لە گفت و گۆی گەرم سەبارەت بە توند تیژی دژ بە ژنانی ئەوروپا و ژنانیك کەلە وولاتانی رۆژهەلاتەوە روویان کردۆتە ئەوروپا و یاسای فرە کلتۆری و کوشتنی ناموسیو هەل و مەرجی کچانی لاوی پەناهەندەو زۆر باسی جیاوازی تر ، چەندین کەسانی پسپۆر سەبارەت بە توند و تیژی ژنان لە وەزارەتی کار و وەزارەتی خارجی و فەرمانبەرانیسۆسیال سکیورتی فنلاند و[دوو ئەندام پەرلەمان و لیێپرسراوی پۆلیسی شاری هەمەلینا وپۆلیسی شاری هیلسینکی و هەروەها چەند نوێنەریك لەوولاتانی تری ئەوروپا و تورکیاوە بە سلاید چەند کەیسیك لەوانە کەیسی هێشووی خولە کۆمەلە لە لەندن ، فادیمە سەندەهال لە سوید و موختارە لە پاکستان و چەند کەیسیکی ترلەپەیوەند بە کوشتنی ناموسییەوەنمایش کرا.. سەبارەت بە وەزعی ژنانی پەناهەندەی نیشتەجیێ لە فنلاند، رادیۆی سەرتاسەری فنلاند و رادیۆی سویدی زمانی فنلاندی دوو چاوپیکەوتنییان لەگەل (ئالا فەرەج) کرد و چەند پرسیاریکیان سەبارەت بە توند و تیژی دژ بە ژنانی پەناهەندەو وەزعی خیزانەکانیان و کوشتنی ناموسی سازکرد. هەر ئەو رۆژە هەردوو رادیۆکە چاوپیکەوتنەکەیان پەخش کرد و بۆ رۆژی دووهەمی سیمینارەکە ئەو چاوپیکەوتنە چەند باسیکی هینایە ئاراوە بۆ ناو سیمینارەکە. هەربۆیە بلاوکراوە ( ئیلتا سانۆمات)کە دوەم بلاوکراوەی سەرتاسەری فنلاندە ، سەعات و نیویك لەسەرکوشتنی نامووسی لە فنلاند و کەیسی (شەیما ئەلبەدری کە ژنێکی عێراقی، خەڵکی بەغدا بوو لە فنلەند کوژرا ) و دەوری سیاسەتی فرەکلتۆری ولە ژیردەستەکردنی ژنانی پەناهەندەدا و وورورژاندنی مەسەلە راسیستەکانی کۆمەلگادا قسەوباسیکی دوورو دریژی کرد. پاشان پەیامنیری بلاوکراوەکە داوای لە ئالا کرد کە ئەیەویت چاوپیکەوتنی تری لەگەلدا سازبکات ، ئالا ووتی من بەمەرجیك چاوپیکەوتنتان لەگەلدا ئەکەم کە بلاوی بکەنەوە. بەلام پەیامنیرەکە ووتی رۆژنامەکەمان لەژیر چاودیری سیێ پۆلیسدایە کەلە ئاستی بەرزی دەولەتدا کار ئەکەن بۆیە بەدەست من نییە ئەگەر بلاوی نەکەینەوە چونکە ئیمە دوینی کە گویمان لە موقابەلەکەت بوو، لەوە حالیبووین کە ئیوە بە شتیك موعارزن وئەتانەوێت شتیك لەم کۆمەلگایەدا بگۆرن، ئالا قسەکەی پیێ بری و ووتی بەلی ئەوەی لەم وولاتەدا ئەمانەویت بیگۆرین سیاسەتی فرە فەرهەنگی دەولەتی فنلەندایە. چونکە کەم نین ئەوژنو لاوو منالانەی بەدەست ئەم سیاسەتە راسستییەوە ئەنالێنن و بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکی واقعی سەبارەت بەدەعمی دەوڵەت لەرووی مالی وە بەگروپە ئیسلامییەکان بە مزگەوتەکانیان و بە مامۆستاکانی وانەی ئیسلام نیشان دا....

ئالاّ فەرەج
نوێنەری ریکخراوی ئازادی ژن لە فنلەند
2005/10/4